# زۆرێک لە ئێمەی ژنان ئازاین

## مێژووی ژنە فێمینیستە ڕەشپێستەکانی ئەمریکا


لە سایتی (پیک هفتە)ەوە

و. لە ئینگلیزییەوە/
**عەزیز ڕەئووف**

بزوتنەوەی فێمینیستی ژنە ڕەشپێستەکان وەك داكۆكیكەرێك لە ئازادی ژنانی ڕەشپێست دروست بوون. ژنانی ڕەشپێست هەستیان بەو جیاوازییە کرد کە لەگەڵ ژنانی سپی پێستدا هەیانە . مەبەست لەم بزوتنەوە فێمینیستییە جیاکاری ڕەگەزی و جنسی و چینایەتی بوو.

ژنانی ڕەشپێست لە ئەمریکا ڕووبەڕووی هەردوو چەمکی سێکسیزم و ڕاسیزم بوونەوە. ئەوان بەشداریان لە بزووتنەوەی لیبرالیزمدا دەکرد لەبەر ئەوەی هەمیشە ڕەوبەڕووی توندوتیژی ڕەگەزی و سێکسی دەبوونەوە. بەجۆرێ: تەنانەت ژنانی ڕەشپێست لە گروپ و ڕێکخراوەکاندا بە پلە دوو تەماشا دەکران لە چاو ژنە سپی پێستەکانەوە. لەم پێودانگەوە یەکەمین گروپی فێمینیستی ڕەشپێستی نەتەوەیی لە ئەمریکا لە ساڵی 1960دامەزرا و زۆرێك لە ژنە ڕەشپێستە چەوساوەکان لەم ڕێکخراوەدا بوونە ئەندام و ئەم ڕێکخراوەش ڕۆڵی هەبوو لە وشیار کردنەوەی ژنە ڕەشپێسشتەکان لەو وڵاتەدا. یەك لە فەیلەسوفە پەروەردەییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ناوی جەین ڕۆلاند مارتین بوو، ئەم فەیلەسوفە زور بەروردی ئیشی لەسەر چەمکی فێمینیزم (feminism)دەکرد.

مارتین سەرپەرشتیکارێکی لێکولینەوەی خوێندارکاران بوو لە زانکودا لە کوتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا.مارتین وەك فەیلەسوفێکی فێمینیست هەستی بە غیابی دیالوگی ژنان کردبوو لە ناوەندەکانی زانکودا

لە هەوڵی وەدەستهێنانی گوتارێکی جیاواز هەندێك تەعبیریان لە فێمینیزم دەکرد وەك "کۆ" feminisms زیاد لە فێمینیزم وەك "تاك" feminism . بەڵام ئەوەی گرنگ بوو بەربەرەکانێ و ململانێ struggle ی ئافرەتە فێمینیستەکان بوو.

مارتین لە سەرەتاوە بە ئاگابوو لە هەڵە گواستنەوەی ئایدیاکان یاخود کەم شارەزایی ژنان، تەنانەت پیاوانیش لەو کەم شارەزاییە لە بارەی فێمینیزمەوە بێبەش نەبوون.

هەر بۆیە مارتین بۆ خوی سەرپەرشتی تێزە مێژووییە گرنگەکانی دەکرد لە بوارەکانی فەلسەفەی پەروەردەدا کە لەلایەن ژنانی فێمینیستەوە دەنوسرانەوە.

چەندین ساڵ مارتین هەوڵی دەدا ئەو دیراسانە پەسەند بکات کە کاریگەرییان جێدەهێشت لە فەلسەفەدا بەجۆرێك کە تەعبیریان لە فکری فێمینستی دەکرد.بونمونە زوربەی دیراسە فەلسەفییەکان باس کردن بوو لە (ژن) woman نەك چەمکی فێمینیزم بە شێوەیەکی فەلسەفی. هەر لەو بوارەدا "نیل نودینگ"دوو دیراسەی لەژێر ناونیسانی" گوتاری ژن و ڕەگەز" و "پەرورەدەی ئەخلاق" ەوە بڵاو کردەوە. هەر بۆیە زوربەی گوتارەکانی نودینگ لەبازنەی چەمکی "ڕەگەز" و "ئەخلاق"دا دەخولانەوە.

دووەمین چاودێری کردنی مارتین لە بواری فەلسەفەی پەروەردەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1980 کە زۆرێك لە نوسەران پێیان وابوو کە ئەزمونی کچان و ژنان گەڕانەوەیە بوۆ ئاگایی لە لێکوڵینەوە فێمنستییەکاندا.

هەر بۆ ئەم مەبەستەشە زورێك لە فەیلەسوفەکانی بواری پەروەردە لەژێر کاریگەری فکرەی فیمینیستیدان بەتایبەت دیراسەو راڤەکردنەکانی کچان و ژنانی کارا لەبارەی فیمینیزمەوە ، فیمینیستەکان تەحەددای هەر عەقلێکی محافیزکاریان دەکرد گەر جیا کاری بکردایە لە نێوان تاکەکاندا بەتایبەت لەمەیدانی سیاسەتدا .

یەك لەو نوسەرە فیمینیستانەی کە بانگەشەی ریفورمی دەکرد فەلەسوفی بواری پەروەردە

( ماری لیچ ) بوو ، لیچ بانگەشەی ریفورمی دەکرد لە پەروەردەو مامۆستاوە تا سەرجەم تاکەکانی کومەڵگە .

لیچ پێی وابوو ناکرێت لە وەزیفەی پەروەردەو فێرکردندا پشت بە بوچونی زورینە ببەستین ، لیچ پێی وابوو کە ژنان خویان بەرپرسیارن سەبارەت بەو ئەرکەی کە لەسەرشانیانە لە بواری فێرکردندا وەك مامۆستایەك،

لیچ مشت و مڕی لەسەر گەشەکردنی پەروەردەی ماموستا دەکردەوە ، ئەو پێی وابوو پراکتیزەکردنی پەروەردە هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لەنێوان رەگەزەکاندا (نێرو مێ) ، کە ئەرکی سەرەکی گەشەپێدانی دیدگای ماموستایانە سەبارەت بە تێگەیشتن لە یەکسانی رەگەزەکان ،

فیمینیستەکان گەورەترین کاریگەریان لەسەر ئەوە هەبوو کە تێڕوانینی ماموستا یان خوێندکاران لەبارەی " یەکسانی " رەگەزەکانەوە بگوڕن فیمینیستەکان لەو دەمەدا بەفراوانی رەخنەیان لە فورمی کومەڵگەی باوکسالاری و سیستەمی دەسەلاتی کومەڵگە دەگرت .

بەم شێوە گرنگترین پرسیار کە ململانێی پێویست لەگەڵ خودا هەڵدەگرێت کە " مەشقی فێرکەران " لەبارەی " دەسەلات "وە چ فۆرمێك لە خو دەگرێت (luke,1996)، بەڵام هەندێ نوسەری تر تەرکیزیان لەسەر " رەگەز " دەکردەوە کە پابەندن بە خولیای زانین و ئەگەرەکانی فێربون ( . Belenky , 1986 )

هەروەها چەمکی " سێکس " لە زورێك لەو رونکردنەوەو بەیانکردنانەدا ببونە سەردێری دیراسەی زورێك لە فەیلەسوفانی بواری پەروەردە (Rice , 1996).

بەو پێیە چەمکی فێمینیزم لە دیراسەی فەیلەسوفانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگیدابووەوە، بەجۆرێك کە تایبەندمەند بوو لە بواری پەروەردەدا. بو نمونە سارا ڕودیك مشت و مڕی لە سەر جورێك لە پاراستن و گەشەکردن دەکرد بە جورێك کە "ڕازیبوونی کومەڵایەتی" لە خۆ دەگرت (Ruddik 1989).

هەروەها ڕودیك ئیشی لەسەر چەمکی (دایکایەتی) دەکرد بە جورێك کە میتافیزیك و چەمکی توانایی capability و چەمکی چاکە virtue ی لەخۆدەگرت. لە دیدگای ڕودیکەوە گرنگی (دایکایەتی) لە گرنگی (پەروەردە) دا بەدەر دەکەوت.

زورێك لەو بەرهەمانەی کە لە لایەن فێمینیستەکانەوە لە ساڵانی شەستەکاندا بڵاو دەکرانەوە تەنانەت تا ئەم کاتەش باس کردن بوو لە ئەزمون و بەرژەوەندی ژنان و کچانی چینی مام ناوەند middle class بە تایبەت ژنان و کچانی سپی پێست. ئەمەش زیاتر ئەو ژنانەی دەگرتەوە کە بەشداری ئەزموونە جەماوەرییەکانیان دەکرد.

هەر بو ئەم مەبەستە لە دەیەی ڕابردوودا زیادبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەو فێمینستانە دەبینین کە گەشەکردنێکی هەستیار بەخووە دەبینن وەك جیاوازییەك لە نێوانیاندا کە پەیوەندی بە ڕەگەز، چین، کەلتور و سێکسەوە هەیە لەنێو سەرجەم ئەو فاکتەر و ململانێیانەدا کە پەیوەنییان بە چەمکی یەکسانی equality یەوە هەیە.

لە فەلسەفەی پەروەردەدا گەشەکردنێکی بەرچاوی "جیاوازی" هەیە. ئەندرێ تومبسون مشت و مڕی لەسەر هەڵویستەکردن لەبارەی ئەبستمولوجیای ڕەشپێستەکان و ئاسیاوی و سینییەکانەوە دەکرد. بەدیوێکی تردا تومبسون مشت و مڕی لە بارەی ئەو فێمینستانەوە دەکرد کە بەربەرەکانی جیاکاری ڕەنگ"مەبەست لە سپی پێست و ڕەشپێستە- وەرگێر-" دەکرد. بە جورێك کە تیورێکی فەلسەفەی پەروەردەو نەریتزانی بەرهەم بێنێت Thompson 1998.

هەموو ئەم ڕاستییانەش ئەوە دەگەیەنن کە ژمارەیەکی بەرچاو لەو دیراسە و بیر و بوچونانە سەر بە ڕێچکە و هەنگاوەکانی مارتین بوون، بە تایبەت لە بارەی ئاگایی و وشیاری لە نێو ڕەگەزەکاندا کە تەنها داخەوە ئەم پە تا یە کوردستانیشی گرتۆتەوە.

# ژن لە سیستمی نوێی جیهانیدا

**روناک شوانی/**
**ستۆکهۆڵم**

گلوبالیزم جیهانی کردووە بە بازارێکی فراوان کە تیایداگەورە سەرمایەداران دەستیان واڵاتر بووە بۆبازرگانیکردن ،نەک تەنها بە کەل و پەل، بەڵکومرۆڤ کالایەکی قەڵەوو بازارەکەی لەو پەری گەرمیدایە . یەکێک لە قوربانیە کانی ئەم سیستمە نوێیە ئابووریە جیهانییە ژنە. بەکارهێنانی ژن لەم بازارەدا بەکارهێنانی توانا فیکری و ئینسانییەکانی نییە بەڵکو مامەڵە کردنە بە جەستەی ژن.

گەر چاوێک بخشێنین بەو ئامارەی کە رێکخراوی یونسکۆ لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دەریکردووە تیایدا ئاماژە بەوە ئەکا کە ئاستی نەخوێندەواری و هەژاری لەناوژناندا بە ڕادەیەکی ترسناک لە زیاد بووندایە. لە جیهاندایەک ملیاردو٣٠٠ملیۆن مرۆڤ لە ژێرخەتی فەقرەوە ئەژین لەناویاندا ٩٠٠ ملیۆنی ژنە، کە ئەکاتە نزیکەی 70% ی ئەوئامارە.

ژن نیوەی دانیشتوانی زەوی پێک ئەهێنێ.لە کارخانەکان وشوینەکانی تری کاردا سێ بەشی کاتی کار لە جیهاندا ژن ئەنجامی ئەدا کەچی کرێ دەستی کاری ژن زۆر کەمترە لەو ووزەیەی بە کاری ئەهێنی ،هەروەها کەمتریشە لە کرێ دەستی پیاو تەنانەت لە وولاتە پێشکەوتووەکانی جیهانیشدا ،بۆ نموونە سوید.

ئەم ئامارە باشترین بەڵگەیە بۆ بەکۆیلەکردنی ژن لەسیستمی نوێێ جیهانیدا.گەر سەرنجێک بدەینە ئەو پرۆپاگەندانەی کە بۆ گەرمکردنی بازاری سەرمایەداران ئەکرێ لە دەزگا جۆراو جۆرەکانی راگەیاندن لە85% ی لەسەر جەستە ودەم و چاوی ژن ئەکرێ ، ئەمە هەر لە ریکلام بۆ شوێنە توریستیەکانەوە بیگرە تا ئەگاتە شت و مەکی ناو ماڵ ومەوادی پاککردنەوە و شامپۆو..هتد، دیارە هەندێ جارپیاوو مناڵی بێچارەش بەکاردێنێ، بەڵام بە ریژەیەکی کەمتر.

مامەڵە کردن بە لەشی ژن وەک کالایەکی سەرنج راکێش لە دێرزەمانەوە دەستی پێکردووە، ئەمرۆبووەتە هونەرێک لە بازرگانی و لە پێشکەوتنێکی سەرنج راکێشدایە، سەرمایەیەکی مەزنیشی بۆ خەرج ئەکرێ .هەربۆیەش شان بە شانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای فیلم و کلیپ سازی،پێشبرکێکانی جوانی ،فۆتۆمۆدێل و کردنەوەی سەدان کەناڵی ئاسمانی سێکسشۆپ لە سەراسەری دونیا ،جەستەی ژنی تیادا بەکاردێ و ژنیش ڕۆڵی قارەمانی ئەدرێتێ . ئەوەی جێی سەرنجە بۆ پیرۆزیدان بە بازرگانی کردن بە جوانی ژن دەیان ناوی وەک ڤینۆس و عەشتاروئیزیسی خانمی پلە وپایەومەعشوقەی پاک و بێ گەردی لێنراوە.

بۆ بەمیسالی کردنی جوانی دەم وچاوولەشی ژن بازرگانی پزیشکیش ئەسپی خۆی تاو داوە،

کلینیکەکانی نەشتەرگەری پلاستیک و جوان سازی لەش لە ئەوجی گەرمی بازاریدایە، ئەوەتا نەشتەرگەری گۆرینی دەم وچاوولەش ومەمک بە بەکارهێنانی سلیکۆن ورەنگی چاوپێست هەموو ئەمانە بوونەتە مایەی ناشتنی تۆوی کەم باوەری بە خۆبوون لەناو مرۆڤەکاندا بەتایبەت لە ناوژناندا. لە سالی 1998 دا تەنها لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیکەی٣ میلیون ژن شێوەی لەش و دەم و چاوی خۆیان گۆریوە، لەم ئامارەدا تەنانەت یەک کەسیشی تیا نەبووەکە ئەندامێکی لەشی لەبەر ناچاری گۆریبێ.

ئەمرۆلەم بازارە گەورەیەداکە ناوی جیهانە، جوانی لەش ولاری ژن بۆتە بڕوانامەی دەستکەوتنی کار ئەوەتا مەرجی کاری

**عورفی پیاوسالاری باو لە سیستمی نوێی ئابوری جیهاندا، هەڵسەنگاندنی جەستەی ژن پێش هەڵسەنگاندنی توانای فیکرییە لەبەرهەمهێنانو داهێناندا**

فەرمانبەری لە هەندێ شوێنی وەک فرۆکەخانە،میوانخانە، هوتێلوتیڤی وکاری سکرتێری لە بەرێوەبەرایەتیەکان جوانییە ،بە داخەوە ئەم پە تا یە کوردستانیشی گرتۆتەوە.

کەواتە هەر وەک عورفی پیاوسالاری باو لە سیستمی نوێی ئابوری جیهانیشدا هەڵسەنگاندنی جەستەی ژن پێش هەلسەنگاندنی توانا فیکری و توانایی لە بەرهەم هێنان و داهێناندایە ، لە کاتێکدا گەر باس لە مافەکانی ژن بکرێ لە بەشداریکردنی لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگەو کارکردن لە بوارەجۆراوجۆرەکانی ژیاندا لەوانەش لە بواری سیاسیدا ولە شوێنی بڕیاردا لەناو پارتە کان وپەرلەماندا مەسەلەی جیاوازی بایۆلۆژی فیزیکی وسروشتی دایکایەتی ژن دێتە پێشەوە.

کەواتە ژن لە جەنگێکی ئەزەلی نابەرابەردایە لەگەڵ سیستمە یەک لە دوای یەکەکانی پیاوسالاریدا، ئەم جارەیان جەنگێکە لە شێوەیەکی نوێ جەنگێکی مۆدێرن کە تەنها بە باوەربەخۆبوون و خۆرێکخستن وخەباتی بەردەوام سەرکەتن بەدەست دێ.